ژمارەی گیانلەدەستدان لە کەرتی غەززە بەرزبووەتەوە بە ٣٥ هەزار کەس

وەزارەتی تەندروستی فەلەستین رایاگەیاند، ژمارەی گیانلەدەستدان لە کەرتی غەززە بەرزبووەتەوە بە ٣٥ هەزار و ٢٧٢ کەس. دەشەت، لە ماوەی ٢٤ کاتژمێری رابردوودا ٣٩ کەس گیانیان لەدەستداوە.

ئەمە پێنجشەمە، وەزارەتی تەندروستی فەلەستین رایاگەیاند، بەپێی راپۆرتی ئاماری رۆژانە لەماوەی ٢٤ کاتژمێری رابردوودا، لە کەرتی غەززە ٣٩ کەس گیانیان لەدەستداوە و ٦٤ کەسیش بریندار بوون. ئاماژەی بەوەش کرد، لە ئەنجامی هێرشە بەردەوامەکانی ئیسرائیل بەسەر کەرتی غەززە لە ٧ـی تشرینی یەکەمی ساڵی رابردووەوە، ٣٥ هەزار و ٢٧٢ کەس گیانیان لەدەستداوە و ٧٩ هەزار و ٢٠٥ کەسیش بریندار بوون.

لای خۆیەوە، سوپای ئیسرائیل رایگەیاند، رۆژی رابردوو لە باکووری غەززە پێنج سەربازییان گیانیان لەدەستداوە و بەمەش لە سەرەتای شەڕەکەوە تاوەکو ئێستا ٦٢٦ سەربازی ئیسرائیل گیانیان لەدەستداوە و نزیکەی سێ هەزار و ٥٠٠ سەربازیش بریندار بوون.